ئا: وریا محەمەد - عیماد قادر

تایسۆن هەڕەشە دەکات!



لەساڵی ١٩٩٢ دا یاریزانی بۆکسێنی ئەمەریکی مایک تایسۆن بەتاوانی دەست درێژی کردنی سێکسی بۆسەر شاجوان (دیسری واشنتۆن) چووە بەندیخانەو بەندکرا .. بەڵام لەدوای ئەوەندە ساڵەدا بەمەبەستی پیشاندانی بێ تاوانی خۆی بۆ دەزگاکانی راگەیاندن دواو باسی ئەو زوڵمەی کرد کە لەلایەن شاجوانی ڕەش ئەسمەرەوە بەدرۆو بوختان دووچاری ببوو. تایسۆن لەلێدوانێکی تەلەفزیۆنی بۆکەنالی فۆکس سەرشێتانەو وەکو پریشکی ئاگر شالاوێکی توندوتیژی بۆسەر ئەو کچە شاجوانە هێناو گوتی: من بێ تاوانم لەو تاوانەی پێمەوە لکاوە... ئەم ئافرەتە ژیانی وێران کردم .. ئەمڕۆش دەمەوێت بەڕاستی دەست درێژی سێکسی لەسەر بکەم!! لەدرێژەی وتەکانیدا گوتی داوای دادگایی کردنێکی نوێ بۆ چاو پێداخشاندانی ئەم مەسەلەیە دەکەم. لەوتەکانیدا دیسری بەکچێکی درۆزن ناوزەد کردوو بەر پرسیاریەتی ئاڵۆزبوونی ژیانی تایبەتی خۆی بۆ ئەو گەڕاندەوە، لەکۆتایی لێدوانەکەیدا گوتی: من زۆر رکم لەم ئافرەتە دەبێتەوە، هەرگیز ئاسوودە نابم تا ئەو ئافرەتە لەو بەندیخانەیەی چەندین ساڵی تەمەنم تیایدا بەسەر برد نەبینم!! شایانی وتنە تایسۆن هەفتەی رابردوو بەتۆمەتی شەڕو ئاژاوە نانەوە جارێکی دیکە لەلایەن پۆلیسی ئەمەریکاوە دەستگیر کرا!!

زێدان بۆ بۆردۆ یاری دەکات!!

لە ١٧ی تەمموزی داهاتوو لە یاریگای جاک شایان دالماس لەشاری بۆردۆی فەڕەنسی، یارییەکی دۆستانە بۆ بەرژەوەندی منداڵە نەهامەتەکان لە نێوان یاریزانە گەورە ئەستێرەکانی فەڕەنساو جیهان لەگەڵ یاریزانە کۆنەکانی یانەی بۆردۆ بەڕێوە دەچێت، جێی ئاماژە پێکردنە هەر دوو ئەستێرەی تۆپی پێی ناوداری فەڕەنسی زێنەدین زێدان و لۆران بلان ڕێکخراوێکی خێرخوازیان بە ناوی (منداڵانی بیایان) دامەزراندووەو بەیەکەوە پارەی پێویست و پڕوپاگەندەی بۆ دابین دەکەن لەم یارییەدا ئەستێرەکانی وەکو فابیان پارتیزو سیلڤان ویلتۆردوبیکسانت لیزارازۆو کریستۆن دۆگاری و فرانسوا گرین و چەندانی دیکەش بەشداری تیادا دەکەن.

ئەو کاتەی خێزانی ناوبژیوانان لە مێردەکانیان قەدەغە دەکرێن!!

لە جیهانی سەیرو سەمەرەی تۆپی پێ هەموو شت ئاساییە!! لە وڵاتی ئۆگەندای کیشوەری ئەفەریقیا، یەکێتی تۆپی پێی ئەم وڵاتە لە بڕیارێکدا پەیوەندی سەر جێگای کردنی ناوبژیوانانی لەگەڵ خێزانەکانیان بەر لە بەڕێوەبردنی یارییەک بەلایەنی کەمەوە بۆ ڕۆژێک قەدەغەکرد! بڕیارەکە بەم شێوەیە هاتووە. (ناوبژیوانان لە کاتی بەڕێوەبردنی هەریارییەک ئەرکێکی گەورەیان دەکەوێتە ئەستۆ، بۆ ئەوەی ناوبژیوانان لەبەڕێوەبردنی یارییەکان لە باشترین ئاست و وردترین بڕیارو لە لوتکەی توانایی جەستەیی تەواو دابن، پێویستیان بە پشوویەکی تەواوی جەستەیی هەیە ئەمەش وا پێویست دەکات بەر لە هاتنیان بۆ نێو یاریگا پشوویەکی جەستەیی تەواو بۆ خۆیان دابین بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش لەسەریان وا پێویست دەکات واز لە هەندێ کاری ڕۆژانە بهێنن و قوربانیش بە هەندێکی دیکەی تایبەت بە ژیانی خێزانی وەکو دوورکەوتنەوە لە جێگای نووستنی ژن و مێردانە بدەن. نوێنەری سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئۆگەندا لە لێدوانێکدا دەربارەی ئەم بابەتە گوتی:(بوونی توانای جەستەیی لە باری ناوبژیوان پلەی هەستیاری ناوبژیوان لە بەڕێوەبردنی یارییەکان زیاتر دەکات، دوورکەوتنەوەی ناوبژیوان لە خێزانەکەی ئەم وزە هەستیارییەی بۆ پتر پتەوتووتر دەکات) بە پێکەنینەوە گوتی:(ناوبژیوان هەموو تەمەنی لەگەڵ خێزانەکەی بەسەر دەبات، وابزانم قوربانی دان بە تەنها شەوێک بۆ تۆپی پێ چی کەم ناکاتەوە!!).

بیرۆکەیەکی فیرعەونیانە بۆ یاریزانانی هەڵبژاردەی میسر!!

لە دوای مۆسیقاو سەما، وا دیارە زمانی هیرۆگلیفی شتێکی دیکەی هاوبەشی لەنێوان هەردوو ئەستێرەی تۆپی پێی هەڵبژاردەی فەڕەنسا سیلڤیان و یلتۆردو جبریل سیسی دروست کردووە. لە دوای ئەوەی یاریزان سیسی گۆڵێکی لەم یارییە دۆستانەی دوایی لە هەڵبژاردەی میسر تۆمار کرد (ئەنجامەکەی پێنج گۆڵی بێ بەرامبەر لە بەرژەوەندی فەڕەنسا دابوو) بەرامبەر هاوڕێیەکەی ویلتۆرد بە جولانەوەیەکی فیرعەونیانە (هەروەکو لە وێنە هەڵکەندراوەکانی ئاسەوارەکانی میسری کۆن دیار دەکەوێت) هەستی خۆی دەربڕی! ئەم جولانەوەیەش بەکارێکی سادە دادەنرێت، لەبەر ئەوەی بنەچەو ڕەچەڵەکی هەردوو یاریزان ئەفەریقییە! ئەم جولانەوەیە مێژوویی گەر یاریزانانی هەڵبژاردەی میسر لە یارییە نێودەوڵەتییەکان ئەنجامی بدەن تا چەند نیشانەی شارستانییەتی گەورە بۆ میسریەکان پیشان دەدات... ئەمەیان تەنها بیرۆکەیەکە بۆ یاریزانە میسریەکان!



خۆشی دەربڕین بەشێوازێکی تایبەت

ڕاهێنەری یانەی مۆنۆپۆلەی فەڕەنسی (جیرار برناردت)ی تەمەن (٤٦)ساڵ لە کانوونی دووەمی رابردوو پەیمانی دابوو گەر یانەکەی لەریزی یانە پلە یەکەکان بمێنێتەوە گەشتێک بەسواری پایسکیل و بۆ ماوەی (٤٠٠) کم بەئەنجام بگەیەنێت، لەکۆتاییدا خەونەکی برناردت هاتە دیو یانەکەشی لەنێوان (٢٠) یانە لەپلەی (١٦)دەهەم مایەوەو بەجیاوازی تەنها دوو خاڵ لەشوێنی ترسناکی دابەزین بۆ پلە (٢) دوور کەوتەوە، برناردتی ڕاهێنەریش ئەو پەیمانەی بەخۆی دابوو جێبەجێی کرد.

یاریزانی تۆپی پێی یانەی ریال مەدریدو هەڵبژاردەی فەڕەنسا (ماکیلیلی) ریال مەدرید جی دەهێڵم و ڕوودەکەمە یانەکانی ئینگلیزی

لە پێکهاتەی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی و هەڵبژاردەی تۆپی پێی فەڕەنسی یاریزانێکی ڕەش پێستی چوست و چالاک هەیە کە زۆر بەزیرەکی تۆپ لەو سەری یاریگاوە بۆ ئەو سەری یاریگا دەگوازیتەوەو ڕۆڵێکی دیارو بەرچاویشی هەیە بۆ گوشار خستنە سەر تیپی بەرامبەر، ئەویش یاریزانی هیلێی ناوەڕاست (فکلۆد ماکیلیلی) یە. ئەم یاریزانە لەساڵی (١٩٧٣) لەشاری بکینشا سار (کۆنگۆی دیموکراتی) زائیری جاران لەدایک بووەو و تا ئەمڕۆش بۆ یانەکانی بریست (١٩٩١) نانت (١٩٩٢-١٩٩٧) مارسیلیا(١٩٩٧-١٩٩٨) سێلتا فیگۆ (١٩٩٨-٢٠٠٠) یاریکردووەو ئێستاش لە پێکهاتەی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی یاری دەکات. ئەم یاریزانە بەهۆی لێهاتوویی خۆیەوە توانیویەتی خولی فەڕەنسای ساڵی (١٩٩٥) و جامی پاڵەوانانی ئەوروپای (٢٠٠٢) و جامی سوپەری ئەوروپای (٢٠٠٢) و جامی کیشوەرەکانی (٢٠٠٢)ی لەگەڵ یانەکان و هەڵبژاردەکەی بەدەست بێنێت. ماکیلیلی خاوەنی (٢٤) یاری نێودەوڵەتیەو یەکەمین یاری نیو دەوڵەتی ساڵی (١٩٩٥) بوو لە نێوان هەردوو هەڵبژاردەی فەڕەنساو نەرویج کە ئەنجامەکەی بەبی گۆڵ تەواو بوو. جێی ئاماژە بۆکردنە یاریزانە ئەستێرەکانی وەک زێدان و راۆول و فیگۆو ڕۆناڵدۆ شایەتی باشی و لێهاتوویی ئەم یاریزانە دەدەن پێویستە بگوترێ زۆر لەیانە ئەوروپییەکان هەوڵیانداوە ماکیلیلی بهێننە ڕیزی یانەکەیان لەوانەش یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی و بەرامبەر بەمەش بڕی (٣) ملیۆن یۆرۆیان داوە، بۆیە یاریزانی ناوبراو دەڵی یانەی ریال مەدرید جێ دەهێڵم و دەچمە یانەکانی ئینگلیزی، چونکە لەگەڵ خواست و ویستی من دەگونجێت.

ئا/ نەوزاد مستەفا

کەل و پەلە وەرزشییەکانی بۆبی مۆر بۆ فرۆشتن!

یانەی وێستهامی ئینگلیزی میدالیاو خەڵات و کەل و پەلە وەرزشییەکانی یاریزانی کۆچ کردووی سەدەی یانەکەی (بۆبی مۆر))ی بە مەبەستی فرۆشتن نمایش کرد، ئەم نمایش کردنەش لە مۆزەخانەی کرستی و لەسەر داواکاری خێزانی بۆبی مۆر (تینا) بەهۆی پێویست بوونی ناوبراو بە پارەوە بوو، بۆ ئەم فرۆشتنەش (تینا) بڕی ٨ر١ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی دەستکەوت، لەنێو ئەم خەڵاتانەش ئەو میدالیایە زێڕینییەی تیادا بوو کە مۆر لەوە دەستهێنانی جامی مۆندیالی ١٩٦٦ لەگەڵ یاریزانانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا پێی بەخشرابوو.

ئا/ جەلیل محەممەد

ڕۆناڵدۆ لە پێناو منداڵانی جیهان



متمانەتان هەبێت نە ڕۆناڵدۆ نە گۆتی ناتوانن لە گۆرانی گوتندا بەربەرەکانی گۆرانیبێژ ڕۆبی ویلیامس بکەن!! بەڵام ئەوەی تەنها ئەو دوو ئەستێرەی تۆپی پێی یانەی ریال مەدرید ئەنجامیاندا پیشان نەدانی ناڕەزامەندی بۆ دانانی وێنەی تایبەتی خۆیان لەسەر بەرگی کاسێتی گۆرانی موگنات کە ناوی (ناتۆرشیلد) بوو، لەبەر ئەوەی بەشێک لە داهاتی فرۆشتنی کاسێتی (ئۆرۆیەک) بۆ بەرژەوەندی یۆنۆسێف بە مەبەستی یارمەتیدانی منداڵە ئاوارەکانی جیهان تەرخان دەکات. ئەم کاسێتە لە ٢٨ی مایسی رابردووەو لە بازاڕەکان دەفرۆشرێت و لە ئەوروپاش ڕەواجێکی زۆری لەسەرە.

بەقەڵەمی وەرزشوانان

فریای تیپە میللیەکان بکەون

مەحمود عەزیز

ئاشکرایە لای هەموومان کەتیپە میللیەکانی ناوشاری هەولێر دەوری سەرەکیان هەبووە لەپێگەیاندنی یاریزانان تاکو بگەنە ئاستی یانەکان گەرچانەوێ باسی تیپە میللیەکان بکەین دەبێ باسی یاریگابکەین چونکە تەنیا شوێنە کەیاریزانانی ئەم تیپانە مەشقی ڕۆژانەو یاری دۆستانەی لێ ئەنجام دەدەن بۆیە گەر یاریگایان نەبوو ئەم تیپانەش نابن. لەدوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ و لەیەکەمین خولی بارزانی نەمردا لەساڵی ١٩٩٣ ژمارەی تیپە میللیە بەشداربووەکان (٤٤) تیپ بوون کەچەندین یاریگاشمان هەبووە تایبەت بەم تیپانەو هەمووی لەناوشاری هەولێربوون دەتوانم بڵێم لەزۆربەی زۆری گەڕەکەکان یاریگای تایبەت بەم تیپانە هەبووە. ئێمە دەزانین دانیشتوانی هەولێرو گەڕەکەکانی لەزیادبووندایەو ژمارەی تیپە میللیەکان لە(٤٤) تیپ ئێستا گەیشتۆتە نزیکەی (٢٥٠) تیپ کەواتە ئەم ژمارەیە زۆرە دەبێ پێویستی بەچەند یاریگا هەبێ. بەڵێ زۆربەداخەوە لەگەڵ زیادبوونی تیپە میللیەکان یاریگاکانیش بەرەو نەمان چوون ئەو زەویانەی کەیاریگای لەسەردروست کرابوون هەر هەمۆویان بەڵێ هەرهەمۆویان دابەشکران و یاریگاکانیش ئێوە خۆش لەم چەند ڕۆژەی رابردوو چەند براەدێک لەسەرۆک و ڕاهێنەرانی تیپە میللیەکانی شاری هەولێر سەردانی گوڵان TV یان کرد گلەیی و گازاندەیەکی زۆریان هەبوو داوایان لە TV کرد کەبەرنامەیەکی ڕاستەوخۆیان بۆ ڕێک بخەین تابتوانن سەربەستانە ڕاوبۆچوونەکانیان دەربڕن و دەنگی خۆیان بگەینە بەرپرسان وادیاربوو کەزۆر هەوڵیان داوە هەوڵەکانیان بێ سوودبووە بۆیە دەڵێین گەر بەزووترین کات فریای تیپە میللیەکان نەکەون ئەم تیپانە بەرەو نەمان دەچن ئەویش بەهۆی نەبوونی یاریگاوە. بەڵێ مافی خۆیانە کەداوای یاریگا بکەن چونکە گەرەم شێوەی ئیستە کارەکان وابڕوات ئەوە چەند یاریگایەک ماوە لەدەردەوی شاری هەولێر کەئەمانیش ژمارەیان لەپەنجەکانی دەست ڕەت ناکەن و گەرتیپێک بیەوێت مەشقی ڕۆژانە لەسەر ئەم یاریگایانە ئەنجام بدات ئەوە (١٠) دە دەقیقەی بەردەکەوێت یا نەء. لێرەدا بەپێویستی دەزانم کەڕووی نووسینەکەم ئاڕاستەی ئەنجومەنی باڵای وەرزش لەکوردستان بکەم و داوایان لێ بکەم کەدیراسەیەکی تێروتەسەل بکەن لەسەر وەزعی ئەم تیپە میللیانە تائەم یاریگایانەی ماون ئەمانیش دابەش نەکراون و ڕێگە چارەشیان بۆ بدۆزنەوە چونکە نەبووەو ناشکرێ تیپی میللی بەبێ یاریگابن نەبوونی یاریگا نەبوونی تیپە نەبوونی تیپیش نەبوونی یاریزانە چەندین یاریزان لەم تیپە میللیانە بوونەتە ئەستێرەی تۆپی پێی شارەکەمان. لەلایەکی تر یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان کەڕاستەوخۆ سەرپەرشتی ئەم تیپانە دەکات دەبێ ئاگەداریشیان بێت. چونکە ئەمان خۆیان مۆڵەت دەدەنە ئەم تیپانە پێویستە یاریگاشیان بۆ دابین بکات. بۆیە تا زووە فریای تیپە میللیەکانی شاری هەولێر بکەون تا نەفەوتاون و نزیکە لەناوبچن

وشەی یەکێرپ

ئاسۆیی:

١- وەکو یەکە - بەشێکی لەشی مرۆڤە ٢- وڵاتێکی بەشداربووی جامی تۆپی پێی کیشوەرەکانە ٣- چەکێکی کۆنە (پ) ٤- وڵاتێکە میوانداری حەفتەمین پاڵەوانیەتی تۆپی پێ ی کیشوەرەکان دەکات .

٥- وڵاتێکی بەشداربووی جامی تۆپی پێ ی کیشوەرەکانە.

٦- وەکو یەکە - باب (ت) ٧- دوو پیت لە وشەی (داس)- دوو پیت لەوشەی (داد) ٨- نەخێر بەزمانی ئینگلیزی - ژمارەیەکە بەئینگلیزی

ستوونی

١- وشەیەکە بۆ دەرکردنی مریشک بەکاردێت (پ) - وڵاتێکی هاوسێ ی هەرێمی کوردستانە ٢- نوسەرێکی گاڵتەجاری جیهانی یە - بەروبوومێکی ترێ یە (پ) ٣- پێچەوانەی ڕاست

٤- وەکو یەکە ٥- دۆستم (پ) ٦- پایتەختی وڵاتی سویسرا (پ) ٧- کۆئەندامێکی لەشی مرۆڤە - جۆرە فلیمێکی تایبەتی ئەمەریکی یە (پ) ٨- دەدرێتە ئاژەڵ - زانا (پ)

ئا: ڕۆستەم حەسەن